مەسرور بارزانی هەوەستی دەربڕی لەبارەی هەوەی ناردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم ڕاستەوخۆ لە بەغداوە

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی هەوەستی دەربڕی لەبارەی داوای حیزب و لایەنە کوردییەکان لە حکومەتی ناوەند کە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم ڕاستەوخۆ لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بدرێت و ئەمڕۆ پێنجشەممە وتی: "لەم ڕۆژانەدا بینیمان کە هەندێک لایەن بە نوسراوێک داوایان کرد مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم بشێوێنێکی ڕاستەوخۆ لەلایەن حکومەتی فیدراڵی بدرێت، کە ئەمە پشێلکاریی مافەکانی هەرێمە و لاوازکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستانە".

مەسرور بارزانی داوای لەو لایەنانە کرد کە چیتر ئاسانکاری و ڕێگا خۆشکردن بە کەس نەدەن کە مافە دەستوورییەکانی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان پێشێل نەکات، هەروەک چۆن لە وتارەکەی لە ئاهەنگی دەرچوونی خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەددین باسی لێکرد.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەختی کردەوە کە ئەو لایەنانەی داوا لە حکومەتی ناوەند دەکەن کە مووچەی موچەخۆرانی هەرێم ڕاستەوخۆ لەلایەن حکومەتی فیدراڵ بدرێت، بوونی ئەوانیش بە هەرێمی کوردستانەوە بەندە، هەروەها لاوازکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان پێش هەموو کەس زیان بەو لایەنانە دەگەیەنێت، وتیشی: "هیوادارم ئەو لایەنانە واز لە بەرژەوەندییەکانیان بێنن و بگەڕێنەوە بەرەی گەل و زیاتر بیر لە بەرژەوەندی خاک و گەل و نیشتمان بکەنەوە".

شایەنی باسە، ڕۆژی دووشەممەی رابردوو (2ـی تشرینی یەکەمی 2023) هەریەک لە فراکسیۆنەکانی یەکێتی، یەکگرتوی ئیسلامی، نەوەی نوێ و کەمەڵەی دادگەری لە پەرلەمانی عێراق، بە کێکردنەوەی واژەی 44 پەرلەمانتار لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، داوایان کرد مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە بدرێت.